# چ کۆچێکی ناوەخت بوو هاشم مام حەمەومین!

بەکـــــــر شوانی
bschwani@hotmail.com



بەردە قارەمان – بەهاری ساڵی ١٩٨٤
لای ڕاست: شەهید هاشم
لای چەپ: بەکر شوانی

لەم ڕۆژانەدا کە هێزەکانی هاوپەیمان سات بە سات زیاتر لە تەفروتوناکردنی تەخت و تاراجی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداد نزیک دەبنەوە و گەلی کورد بە ئومێدەوە چاوی لە ئاسۆ بڕیوە و ئێمەی دوورە وڵاتیش تەنیا بە جەستە لێرەین و هەست و هۆشمان لای نیشتیمانە، هەواڵی شەهیدبوونی هاوڕێی منداڵی و کوڕی گەڕەک و پێشمەرگەی قارەمان هاشم مام حەمەومین-م پێگەیشت کە شەوی ٣/٣١-٢٠٠٣/٤/١ لە ئۆپەراسیۆنەکانی پاککردنەوەی هەورامان لە چەکدارەکانی "أنصار الإسلام" شەهید بووە.

هاشم و من و چەند لاوێکی تری یەکێک لە کۆڵانەکانی گەڕەکی ڕاپەڕین لە شاری چەمچەماڵ هەر لە منداڵیەوە پێکەوە گەورەبووین و بەر لەوەی ڕێڕەوی ژیانمان لە یەکتر جیابێتەوە و هەر یەکەمان بە لایەکدا پەرتەوازە بین، زۆر هۆگری یەکتر بووین و زۆربەی کاتمان لە دەرەوە و لەماڵەوە پێکەوە بەسەر دەبرد. هەواڵی شەهیدبوونی هاشم بۆ من دڵتەزێن بوو، بەڵام چاوەڕوان نەکراو نەبوو، چونکە ئەو لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەیویست بچێتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و گیانی خۆی لە پێناوی نیشتیماندا بەخت بکات. من و چەند هاوڕێیەکی هاشم ئاگادارین کاتێک کە لە ساڵی (١٩٨٧) دا خوێندنی سەربازیی لە بەغداد تەواو کرد و بوو بە "جێگری ئەفسەر"، ویستی وەکو لاوێکی خاوەن بڕیکی باش زانستی سەربازیی پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکات، بەڵام بەداخەوە "ئەنفال"ی بەسەردا هات و ئاواتەکەی نەهاتە دی.

هاشم لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) دا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا و لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینیشدا وەکو مامۆستای مەشقی پێشمەرگە و وەکو جەنگاوەرێکی کورد درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا و یەکێک بوو لەو قارەمانانەی کە لەگەڵ کاک عەلی چیمەنی و هاوڕێکانیدا لە بانی مەقان و ناو شوان دزەیان دەکردە پشت هێزەکانی دوژمن و زەبری کوشندەیان لێیان دەوەشاند.

هاشم خاوەن بڕوایەکی ئەوەندە پتەو بوو بە نیشتیمانەکەی، تەنانەت شەڕی ناوخۆ و خراپبوونی باری ئابووریی کوردستانیش نەیانتوانی لە وڵات هەڵیبکەنن و وەکو هەزاران لاوی تر بیخەنە سەر ڕێگای هەندەران. ئەوەتا لە نامەیەکدا کە لە ڕۆژی (١٩٩٦/٤/١) دا بۆ منی نوسیوە دەڵێ:

(**ئەبێ چی بێت ئەو جێگایەی ئێستا ئێوەی لێن کە بە سەدەها کەس گیانیان لەدەست دا بۆ ئەوەی پێی بگەن. من بەش بە حاڵی خۆم لەوانەم هەر چەندە باری ژیان ناخۆشتریش بێت و لەمەش خراپتر بێت، شارەکەم بەجێ ناهێڵم با لەگەڵ کەسەکانمدا تامی ژیان بکەم. زۆر سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ کاك سیروان و پێی بڵێ هەتا ئێستاش هەر دڕکم لەبەردەم دوژمنانی گەلەکەمان.**)

کاکە هاشم هەرگیز ئەو داخەم لە دڵ دەرناچێت کە نەمانتوانی یەکتر ببینینەوە، بەڵام دڵنیا بە هەرگیز لە بیر ناچیت، چونکە ئێمە هەر یەکێکمان بەشێک لە ڕابردوو و بیرەوەریەکانی ئەوانی ترمان پێکدەهێنین. ئێستا تۆ شەهیدی سەربەزی نیشتیمانیت و لە پێناوی دوارۆژێکی باشتر بۆ منداڵەکانی خۆت و هەموو منداڵانی کوردستاندا ژیانت بەخشی. ئەوەی لەم کاتەدا بتوانم بۆ تۆی بکەم ئەوەیە کە بەم نوسینە کورتە لە سنوری چەمچەماڵ دەرت بهێنم و بە زۆرترین ژمارەی کوردت بناسێنم.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت